www.kurdistannet.org
20-11-2005 18:17 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# یەکگرتووی ئیسلامی هاوپەیمانی فەلوجەیە ... ستیڤان شەمزینانی



لەگەڵ نێزیك بوونەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی عێراق، قڵشت و ناکۆکی کەوتە نێوان پێکهاتەکانی لیستی هاوپەیمانی پێشووی کوردستان کە یەکگرتووی ئیسلامی یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بوو، دواتریش یەکگرتووی ئیسلامی و چەند باڵێکی لاوازتری هاوپەیمانی کوردستان بڕیاریاندا بەلیستی تایبەتی خۆیان بچنە ناو پرۆسەکەوە.
ئەم جیابوونەوەیەی یەکگرتووش قسەوباسێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە چ لەسەر ئاستی شەقام چ لەسەر ئاستی ناوەندی سیاسی و رۆشنبیریی.

لەم نێوەندەشدا پارتی و یەکێتی تەواو قەڵس و بێزا بوون و لە هەندی رایەڵ و کەناڵی ڕاگەیاندنەکانیانەوە هێرشیان کردە سەریان و بەخیانەتکارو قاچاخچی و هاوپەیمانی تیرۆریستان و زەرقاوی لەقەڵەمیان دان، لی من بۆخۆم لەمە هیچ لاریم نییە، بەڵکو ئەم ڕایەی ئەمڕۆ پارتی و یەکێتی پێیگەیشتوون یان ڕاستتر ئێستا دەیدرکێنن دەربارەی یەکگرتوو پێش چەندان ساڵی رۆشنبیرانی سیکۆلارو چەپەکان باسیان کردووە و دەیان جاریش حەزریان داوە بەدەسەلاّت لەبارەی سامناکیی و کوشندەیی ئەندێشەکانی یەکگرتوو.

ئەمەش بۆجاری یەکەم نییە یەکگرتوو هەڵوێستی وا نێگەتیڤ و ترسناك دەگرێتەبەر بەلاّم دەکاری ئەمەیان بەلوتکەی هەڵوێستە ناکوردانەو نا بەرپرسەکانی یەکگرتوو بزانین!
هەرواش یەکگرتووی ئیسلامی وەك باڵی (اخوان المسلمين) لە کوردستان خاوەنی سیاسەتێکی دیماگۆگی و پراگماتیکین، هەر بۆیە نەك ئەم هەڵوێستە بەڵکو دەبی فیشەك نان و سەنگەر گرتن لەگەلی کورد چاوەڕی بکەین لێیان.

لێرەوە هەوڵدەدەم سەرنج و بۆچوونەکانم لەچەند خاڵێکدا پوخت بکەمەوە.
1-هەندی خەڵکی سادەو ئاسایی وا تێدەگەن هەڵوێستی دژایەتی و دوژمنایەتی کردنی کورد لە مرۆڤی موسڵمان و باوەڕدار بەئیسلام ناوەشێتەوە، مخابن ئەزموون ئەوەی نیشان داوە دین هیچ کات ڕێگر نەبووە لەبەردەم خیانەتکردن لە نیشتمان و لەنەتەوە و لەخاك.
ئەگەر ئاورێك لە مێژووی خۆمان بدەینەوە و بمانەوی ئەم ڕاستییە بەدی بکەین.
(سەلاحەدینی ئەیوبی-مەلا ئیدریسی بەتلیسی-مەلای خەتی-سەعید نەورەسی.. هتد.. ) لەو جۆرە موسڵمانانەن کە ئەگەر بەپێوەرە نەتەوەییەکان بیانپێوین دەچنە ڕیزی خیانەتکاران و دوژمنایەتی گەلەکەیانەوە.

ئەوجا لەو پۆلە مەلاو نیمچە پێغەمبەرانە بگەڕی کە جەنگی دۆڕاوی سەدام –یان بە داستانی قادسیەی دووەم و جیهاد لەپێناوی خوداو جەنگی پیرۆز ناوزەد دەکرد.
لەبەرئەوە موسڵمان بون و نەبوونی یەکگرتوو هیچ مەسەلەکە ناگۆڕی و ئیسلامیش هەرگیز نەبۆتە ڕێگری هیچ کەس لە هەر جۆرە خیانەتکردن.
2-هەندێك خەڵك تەنانەت کەمێك لەدەستەبژێرە رۆشنبیرەکەش یەکگرتوو وا لەقەڵەم دەدەن کە موسڵمان نییە لەبەرئەوەی هەڵوێستی لەمجۆرە لە موسڵمانان ناوەشێتەوە! ئەم جۆرە ڕوانینە چی تر نییە جگە لەپارانەوە بۆ ئاینی ئیسلام و مەعسوم و بێگەرکردنی کەسێتی موسڵمان.

سەمەرەو گاڵتەجاڕییەکە لێرەدایە ئەگەر یەکگرتوو موسڵمان نەبی ئەی کی موسڵمانە؟ بی هیچ گومان و دوو دڵییەك یەکگرتووی ئیسلامی نوێنەری جۆرێك لە تەفسیرو تەئویلو رێچکەیە لە ئیسلام، هەر هەوڵدانێك بۆ خستنە دەرەوەی یەکگرتوو لەبازنەی ئاینی ئیسلام هەوڵێکی ڕەنج بەباو بی سوودە.. تەنانەت ئەوەندە بی ماناو گێلانەیە وەك دەرکردنی لینین و بەڵشەفیك وایە لە کۆمۆنیزم یان دەرکردنی هیتلەر و پارتەکەی لەنازیزم.

3-یەکگرتووی ئیسلامی لەسەجەم پێشهات و هاوکێشە سیاسییەکانی ڕابردوو بەشدارو هاوبەشی پارتی و یەکێتی بووە، ئەشەدوبیلای بۆ سیاسەتە چەوتەکانی پارتی و یەکێتی دەکرد.

کاتی ئەمڕۆ جودا دەبێتەوە لەلیستی ئەوان، بەدڵنیاییەوە جۆرێکە لەگەمەی سیاسی و هەوڵدانێکیشە بۆ زانینی هێزو سەنگ و قورسایی خۆیان، بۆئەوەی بزانن تاچەند دەتوانن بەو پلانەی خۆیان هەیە ئیسلامیزەی کۆمەڵگەی کوردستان بکەن.
لەلایەکی ترەوە (حیزبی ئیسلامی عێراق) کەهاوپەیمانی یەکگرتووەو هەردووکیان لەخاڵی (اخوان المسلمین) دا یەکدەگرنەوە هێزی یەکەم و سەرەکی سێگۆشەی سوننەنشینە.
ڕەنگبی بیانەوی لەگەڵ ئەو حیزبە هاوپەیمانی ببەستن لەپێناوی دورستکردنی فراکسیۆنێکی ئیسلامی لەپەرلەمانی عێراق و دەسەڵاتی دادیی ئەم وڵاتە (ئەمە ئەگەر بۆیان بچێتە سەر).

4-یەکگرتووی ئیسلامی لەکاتی جیابوونەوەی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان باسی گەندەڵی ئیدارە و هەردوو پارتە سەرەکییەکە دەکات! وەك ئەوەی گەندەڵی دیاردەیەکی نوی بێت و ئەمڕۆ پێی زانرابێت. یەکگرتوو چەند ساڵە بۆ باسی گەندەڵی ناکات؟ ئایا یەکگرتوو خۆی پشکی بەرناکەوی لەو گەندەڵییانە؟ خۆ ئەوان لە حکومەتی پارتیدا بەشداربوون و وەزارەتی دادیان بەدەستەوە بوو بۆ دادی هیچ گەندەڵکارێکیان نەکرد؟ ئەی یەکگرتوو خۆی کەم گەندەڵی کردووە؟ ڕاکێشانی دەیان ملیۆن دۆلار و ریال لەملاولاوە کە کەس نازانی بۆچی دی و چی لێدی گەندەڵی نییە؟ کەم گەندەڵی دەکری لەدارایی تایبەتی یەکگرتوودا؟ ئاهەنگە سەدان هەزار دیناریەکەی کوڕی عەلی قەرەداغی گەندەڵی نەبی چییە؟ من دەڵێم پارتی و یەکێتی تاسەرئێسك و مۆخ گەندەڵ و دزن بەڵام ئایا بەرپرسەکانی یەکگرتووش هەروەك پارتی و یەکێتی گەندەڵ نین؟ وەك ئەوان خاوەن کۆشك

و تەلارو ڕیزە ئۆتۆمبیل نین؟ ئەی سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی بەرپرسەکانی یەکگرتوو گەر گەندەڵی نەبی ئاخۆ چییە؟

5-یەکگرتووی ئیسلامی پارتێکی سەربەخۆی کوردستانی نییە و گرێدراوی (اخوان المسلمین) ە. تا ئەم دەقیقەیەش (ئەمینداری گشتی) لەمیسرەوە تەوجیهات و ڕێنماییان بۆ دەنێری.
جا ئەگەر یەکگرتوویەك ڕیمۆند کۆنترۆڵەکەی لەدەرەوەی وڵات بی و لەوەش کارەساتبارتر ئەو دەرەوەی وڵاتە دژی هەموو دەسکەوتێکی بچوك و گەورەی گەلی کورد بی دەبی چی لی چاوەڕوان بکری؟ ئەو (اخوان المسلمین) ەی یەکگرتوو پارچەیەکە لێی و شانازیی پێوەدەکات دوژمنی سەرسەخت و شێلگیری بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردە، ساڵی 1991 ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی گەلی کوردیان بەهەڵگەرانەوە لەدین و نۆکەرایەتی زایۆنیزم وبە دەستی شەیتانی گەورە (ئەمەریکا) لەقەڵەمدا.. هەنووکە یەکگرتوو سوجدەی بەندایەتیان بۆ دەبات.

ئەم کلکایەتی و پاشکۆیەتییەی یەکگرتوو ئەوەندە ئاشکرا دیارە (هەروەك درەوشانەوەی ئەڵماس لەژوورێکی تاریکدا). هەر لەبەرئەم هۆیە ئەوهەوڵوێستەی یەکگرتوو بەدەستی دەرەوە دەزانم یان بەجۆرێك لە جۆرەکان فاکتۆری دەرەکی ڕۆڵی تێدابینیووە.

6-یەکگرتووی ئیسلامی و بەرپرسە باڵاکانی هاتوون فرمێسکی تیمساحانە بۆ دیموکراسی هەڵدەڕێژن و وا رادەگەیەنن جیابوونەوەی ئەوان بۆ مانادارکردنی دیموکراسییە، بۆئەوەیە ململانی و کێبەرکێی دیموکراسی لە کوردستان دروست ببی!!! ئەوان کەتووشی فۆبیا بوون لەبەرامبەر هەموو ئەو سیستمانەی هەڵقوڵاوی ژیاری خۆرئاوان لەنێویشیاندا دیموکراسی، ئەوان کە دینەکەیان بەڕەهاو ڕاستی بی چەندو چوون دەزانن و کۆی تێکستە قورئانییەکانیش دژی ئاوها سیستەمێکە ئیتر باسی دیموکراسی و مانادارکردنی دەبی چ کۆمیدیایەك بی؟ ئەوان کە هاتوون ئازادی بخنکێنن و دارکاری مافە فەردی و مەدەنییەکانی خەڵك بکەن.

بەچ ڕوویەکەوە دێن باسی ئەو چەمکە دەکەن و بگرە خۆیان دەکەنە دەم سپی و کەواسووری بەرلەشکری دیموکراتی ئاخر ئەوان مەلا کرێکار وتەنی دیموکراسیان تەنیا بۆئەوەیە دیموکراسی پی لەناوببەن.

7-جاشایەتی و چڵکاو خۆریی یەکگرتو بۆ عەرەب بەتایبەت بۆ وڵاتانی چەوری کەنداو لە هیچ کەس شاراوە نییە، بەڵام نەگبەتی کورد لەوەدایە مرۆڤێك لەترسی وەحشییەت و دڕندەیی سەدام و فیراری پسووڵەیەکی خەفیفەی هەڵگرتووە ئێستا بۆتە پەڵەی شەرمەزاریی نێوچەوانی و لێی نابێتەوە، کەچی حیزبێکی سیاسی وەك یەکگرتوو سەرلەبەر جاشەو کەسیش لەگوڵ کاڵ تری پی ناڵی.

پێم سەیرە یەکگرتوو باسی کوردایەتی و کوردبوون دەکات لە ساتێکدا پیاوێکی وەك (عەلی قەرەداغی) کە وەك عومەری کوڕی خەتاب وایە لەلایان لەدەوحەو دوبەی بەدشداشە و عەگالەوە سواڵ بۆ یەکگرتوو دەکات.

پارتی و یەکێتی لەهەموو کەس باشتر دەیانزانی یەکگرتوو هەروا بەخۆڕایی لەکەنداوەوە ئەم هەموو پارەیەیان بۆنایەت ئەگەر عەمیل و چڵکاوخۆری عەرەب نەبن، بەڵام خۆخەریکردنیان بەململانێی ناشەریفانەی نێوانیان وایکرد ئەمانە هەڵبتۆقن و رۆژ لەدوای رۆژ گەشەبکەن.
من بۆخۆم هیچ گومانم نەبووە لە جاشایەتی یەکگرتوو، ئێستاش بەوپەڕی یەقینەوە ئەمەم بەدیکۆمێنت بۆ دەرکەوت چونکە ئەمرۆ یەکگرتوو هاوپەیمانی فەلوجەیە.

8-بەدرێژایی دە ساڵی ڕابردوو، رۆشنبیران و چەپ و عیلمانییەکان خەتەرناکیی یەکگرتوویان نیشانی دەسەڵاتی سیاسی دەدا، بەڵام نەك ئەوەی دەسەڵات مێش میوانی نەبوو بەڵکو زۆرجار بۆیان دەپاڕانەوە، (مام جەلال) دەهات پۆڵێنی ئیسلامییەکان دەکرد، لەو ڕیزبەندییەدا یەکگرتوو موسڵمانی ڕەسەن و میانڕەو بوو، لەولاوە پارتی کردبوویە هاوبەش و هاوپەیمانی خۆی و وەزارەتی پی دابوو، لەولاتریشەوە ڕەوتە علیمانی و چەپەکان ئەوەندەیان وت وڕێسا بوو بە چەنەبازیی و هیچشیان بەرنەکەوت.

زۆربەی جاریش پیاوە گرگنە خۆ بەسیکۆلار زانەکانی دەسەڵات لەقەباعەتدا دەیانووت نا یەکگرتوو قەڵغانێکی چاکە لەبەرامبەر ئەوانەی کورد بەکۆمۆنیست ناو دەبەن.

هەندێکی تر فەلسەفەیان دادەتاشی و کاوێژی ئەوەیان دەکرد گوایە یەکگرتوو ڕوویەکی تری دیبلۆماسییەتی کوردە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئێستاش یەکگرتوو بۆتە (ئیبلیس) لێیان و گوپ و دەمی خۆیان بۆ پڕکردوون لەجنێوو تانەو توانج.

بەڵام یەکگرتوو هیچ نەگۆڕاوە، ئەوەی گۆڕاوە ئەوانن، ئەوە پارتی و یەکێتی بوون بەهەڵەدا رۆیشتن و یەکگرتوویان کرد بەکەڵەگا بەسەرمانەوە.

9-پێویستە بزانرێت نووسەری ئەم بابەتە بۆ پارتی و یەکێتی ناپارێتەوە، بەڵام نارازی بوونم لەپارتی و یەکێتی نابێتە هۆی ئەوەی دەستخۆشی لەم هەڵوێستەی یەکگرتوو بکەم.
ڕەنگبی من مەبەستم لەو هەڵوێستەیان ئەوەنەبی بەم کارەیان زیان بەبەرژەوەندی کورد دەگەیەنن بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەز هەر لەبنەڕەتەوە دژی هەر هەڵبژاردنێکم بۆ عێراق بی یان دیسان جارێکی تر کوردستان لەحیم بکاتەوە، بەعێراقی عروبە و گۆڕی بەکۆمەڵەوە.
لی هەڵوێستەکەی یەکگرتوو زۆر ئۆپۆرتۆنیستانەو غافڵگیرانە بوو.

هەرچەندە دەشزانم سبەینی لەگەڵ پارتی و یەکێتی دەبنەوە بەبرای گیانی بەگیانی بەڵام دوژمنایەتی من لەگەڵیان نەك پەیوەندیی بە پارتی و یەکێتی- یەوە نییە بەڵکو دوژمنایەتییەکی جاویدانی و ئەبەدییە لەگەڵیان.
(کۆتایی).